# تیۆدۆر ئادۆرنۆ




ئامادەکردنی
سەردەم

مەزنە فەیلەسوفی ئەڵەمانی «مارتن هایدگەر»، لە شوێنێکدا دەنوسێت: (دوو زمان بۆ فەلسەفاندن هەیە، زمانی یۆنانی و زمانی ئەڵەمانی). «هایدگەر» لەم قسەیەی دەیویست تەعبیر لەوە بکات کە فەلسەفە و کێشە ئاڵۆزەکانی تەنها لەڕێی زمانی ئەڵەمانی و یۆنانیەوە گۆزارشتی لێدەکرێت. ئەو دەیوت لە کۆندا زمانی گریک زمانی فەلسەفە بووەو، لە ئێستاشدا زمانی ئەڵەمانی توانای ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی هەیە. لە ڕاستیدا و بە چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر مێژووی فەلسەفەدا، دەبینین ئەو قسەیەی «مارتن هایدگەر» حەقیقەتی زۆری تێدایە، چونکە کاروانی مێژووی فەلسەفەی خۆرئاوا، ڕووبەڕێکی گەورە و گرانی فەیلەسوفانی گریک و ئەڵەمانی داگیریان کردووە. هەر لە «هیراکلیت و پارمنیدس و ئەنکسیماندەرس و

سوکرات و ئەرستۆ و ئەفلاتۆن»ەوە، بۆ «کانت و هیگڵ و فیختە و مارکس و نیچە و هایدگەر و ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر و هاپرماس و پیتەر زۆڵتەردایک و.. هتد». «تیۆدۆر ئادۆرنۆ» ناوێکی دیار و سەنگینی کایەی فەلسەفەی ئەڵەمانی و یەکێکە لە بیریارە بەناوبانگەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئەو قوتابخانەیەی ساڵی ١٩٢٣ لەلایەن «فلیکس ڤایل»ەوە دامەزرێنراو بە درێژای ئەم هەشتاو پێنج ساڵە خزمەتێکی گەورەی بە کۆمەڵگە مرۆییەکان کردووە.

«ئەدۆرنۆ» ساڵی ١٩٠٣ لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵەمانی هاتۆتە دنیاوەو ساڵی ١٩٦٩ بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایکردووە. لە ماوەی ٦٥ ساڵەی تەمەنیدا، باس گەلێکی زۆری لە بوارە جیاجیاکانی فیکر و فەلسەفە و سۆسۆلۆژیا و هونەر و کلتور و موزیکدا نوسیووە. ئەمڕۆ لە سەرتاسەری جیهان و لە تەواوی ئەو بوارانەدا، نوسینەکانی بونەتە ژێدەرێکی گرنگ بۆ تێگەیشتن لە جیهانی مۆدێرن و حاڵی بوون لەو کێشە و قەیرانە زۆرانەی لە ئێستادا بەرۆکی مرۆڤایەتیان گرتووە.

ئەم پیاوە هەر نوسەرێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو ڕەخنەگرێکی سەرسەختی کۆمەڵگەی مۆدێرنیش بووە، ئەو کۆمەڵگایەی بەهۆی گەشەی زۆری ئامێرەکانی تەکنیک و تەکنۆلۆژیاوە، مرۆڤ و زیندەگیان کۆنترۆڵکردووە. لەگەڵ هاتنە سەر کاری نازیەکاندا، وەکی تەواوی ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرت وڵات جێدێڵێت و ڕودەکاتە شاری نیویۆرک لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەوێ درێژە بە پرۆژە فەلسەفیەکانی دەدا.

«ئەدۆرنۆ» بە حوکمی ئەوەی لە بنەماڵەیەکی مۆسیقیدا گەورە بوو بو، بەشێکی زۆری نوسینەکانی تەرخان بوو بۆ ئەو بوارە، لەوانە: مۆسیقای جاز و پێشەکیەک دەربارەی سۆسیۆلۆژیای مۆسیقا و کتێبی گەڕان بە دووی ڤاگنەر و کتێبی چاپ نەکراوەکان). لە بواری فەلسەفە و سۆسیۆلۆژیاشدا، بەرهەمگەلێکی دیکەی هەیە کە ڕەنگە بەناوبانگترینیان کتێبی (ڕەوشتی بچوک) و (دیالەکتیکی ڕۆشنگەری)، بن کە ئەمەی دواییان بە هاوبەشی لەگەڵ «ماکس هۆرکهایمەر»دا نوسیویەتی.